www.kurdistannet.org
30-1-2007 16:35 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بازگەکان . خۆیان جێگەی مەترسین ... راپۆرت: ستیڤان شەمزینانی




هەتا ئەم چرکەساتە بارودۆخی ئاسایشی کوردستان وادەخوازێت کە بازگەکانی پشکنین بمێننەوە، بەتایبەتی لەم بارودۆخەی ئەمرۆدا کە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی قورسایی کارە تیرۆریستییەکانی خۆی خستۆتە سەر عێراق بەگشتی.
هەموو ئەو هۆکارانە وادەکەن کە بازگەکان ببنە پێویستییەکی گرنگ و رۆڵ و ئەرکی بەرچاویان بکەوێتە سەرشان کە ئەمرۆ هەوڵدانێکی زۆر هەیە تا تیرۆریستان بتوانن بێنە کوردستان و بارودۆخی سەقامگیری شارەکان بشێوێنن.
ئەمەش وادەکات کە گرنگیدان و بایەخدان بە بازگەکان ئەرکێکی هەنووکەییو پێویست بێ چونکە بەشێکە لەرێوشوێنە ئەمنییەکانی دەزگا پەیوەندیدارەکان.
بەڵام ئەوەی دەیبینین تا ئێستا گرنگییەکی ئەوتۆ بەزاڵگەکان نەدراوە چی لەوەی تەقەنیات و ئامێری پێویست لەبەردەست کارمەرنداندا نییەو چی لەوەی کادرو کارمەندی پسپۆر کە خاوەنی ئەزموون بن لەو بوارەدا بوونیان نییە، ئەگەر کەسێك لە شارێکەوە بڕوات بەرەو شارێکی تری کوردستان یان داخڵ بە کوردستان بێت هەست بەلاوازیی زاڵگەکان دەکات و دەتوانری هەندی شت بەسەریاندا تێپەڕبێت.

ئەرکی بازگە چییە؟

ئەرکی بازگە لێکۆڵینەوە لەفایلی ئەو گەشتیارانەی کە بەبەردەم ئەو بازگەیەدا تێپەڕدەبن بۆیە پێویستە کارمەندانی بازگەکان کەسانی ژیرو وریابن تاڕادەیەك دەروونناس بن و لەجوڵەو هەندی هەڵسوکەوتی تایبەتی گەشتیاران تێبگەن.
بەڵام زاڵگەکانی کوردستان بەمجۆرە نییە، لەزۆربەی حاڵەتدا چەند پۆلیسێکی کەم ئەزموون بەتایبەتی لەبواری بازگەدا دانراون تا بەکاری پشکنین و لێکۆڵینەوە هەڵستن، هەندێکیان خوێندەوارییەکی ئەوتۆیان نییە کە بتوانن هەندی ناسنامەو بەڵگەی ساختەو تەزویر ئاشکرا بکەن یان بتوانن بەزمانێکی بیانی قسەبکەن یان بیخوێننەوە کە دوور نییە ئەمە گەورەترین مەترسی دروست بکات.
کاك (سۆران ئیسماعیل) لەمبارەیەوە وتی: ئەوەندەی من تێبینم کردبی بازگەکانی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوون و باشن، بەڵام دەکری لەوە باشتریش بن چونکە زۆرجار هەندی شت بەسەریاندا دەڕوات لەوانەیە هەستی پێنەکەن، من پێشنیار دەکەم کە ئامێرو مۆبایل و کۆمپیوتەرو تەقەنیاتی هاوچەرخی ئەلکترۆنی بۆ زاڵگەکان دابین بکری هەم کارەکان خێراتر رایی دەکات هەم کەمتر مەودا دەبی تەزویر و شتی لەوجۆرە بەسەر کارمەنداندا تێپەڕێت.
جگەلەوەش پێویستە کارمەندەکان هەریەکەو جۆرە زمانێکی بیانی بزانن. گەلێك جار کارمەندانی زاڵگە بەعاتیفیو سۆزەوە مامەڵە دەکەن، من ناڵێم بەدڕندەیی مامەڵە بکەن بەڵام ناکری ئۆتۆمبیلێك ئافرەت لێبخوری یان چەند ئافرەتێکی تێدابی نەپشکنری و لێکۆڵینەوەی پێویستی لەگەڵ نەکرێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

(شەهلا دەباغ) وتی: من وەك ئافرەتێك بەلامەوە ئاساییە ئۆتۆمبیلەکەم بپشکنن و داوای ناسنامەم لێبکەن بگرە پێم خۆشە چونکە هەستدەکەم دەزگای پۆلیس بەجدی بیر لەپاراستنی ژیانی هاوڵاتیانی ئاسایی دەکاتەوە.

## مەترسی بازگەکان!

لەوانەیە هەندی خەڵك بەسەرسوڕمانەوە سەیری ئەو ناونیشانە بکەن کە ئایا بۆچی بازگەکان جێگەی مەترسین؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەڵێم ئەگەر بڕواتان نییە بڕۆن سەیری دەروازەی هەولێر بکەن چ لەرێی موسڵەوە یان کەرکوك بزانن حەشاماتی خەڵك و ئۆتۆمبیل چەندە وەستاون لە چاوەڕوانی بازگەدا، ئەگەر ئەو زاڵگەیەی هەولێر بەنمونە وەربگرین دەبینین سەدان ئۆتۆمبیل لەبەردەم بازگەکەدا وەستاون، جاری وا هەیە بەنیوکاتژمێر ڕزگارت نابی، ئەمەش لەوانەیە خۆی مەترسییەکی گەورە بی، خۆ ئەگەر کردەوەیەکی تیرۆریستیانە لەبەردەم یەکێك لەو بازگانەدا ڕوودات کارەساتێکی ئێجگار گەورەی لێدەکەوێتەوە و زیانە گیانیو مادییەکان بەجۆرێك دەبن کە لە ژماردن نایەن.

(محەمەد هەمزە) ی شۆفێر وتی: بەحەقیقەت ئەم بازگەیەی هەولێر زۆر نارەحەتە و بەم گەرمایە تووشی ماندووییەکی زۆر دەبیت لەبەردەمیدا، جێگەی خۆیەتی حکومەتی هەرێم بیر لەوەبکاتەوە زاڵگەکە فراوان بکات و ژمارەیەکی زۆرتر کارمەند و پۆلیسی بۆ دامەزرێنی تا بەجوانی و خێرایی کارەکانیان جیبەجی بکەن.

رائید (عەلی خالید) وەك ئەفسەری پۆلیس وتی: ئەوە ڕاستە کە زاڵگەکان خەڵك ڕادەگرن و دەبنەمایەی نارەحەتی هاوڵاتیان بەڵام ئەمە دیسان هەر لەبەرخاتری خۆیانەو ئەرکی ئێمەشە کە بەجدی کارەکانمان راپەڕێنین.

هەروەها درێژەی دایەو وتی: کەموکورتیو ناتەواویی هەیە لە بازگەگاندا کە بۆ کارمەندان و پۆلیس ناگەڕێتەوە، بەڵکو پەیوەندیی هەیە بەدوو هۆکارەوە:

یەکەم: نەبوونی کادری زیرەك و پێداویستییە تەکنیکییەکان و دووەم: هاوکاریی نەکردنی پێویست لەلایەن خەڵکەوە، من ناڵێم نییە بەڵام وەك پێویست نییە، ئێستا تۆ وێنەت گرت کەچی کەس لەتۆی نەپرسییەوە.

دەمەو ئێوارەی هەمان ڕۆژ کە خەریکی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە بووم بەرەو ناو هەولێر گەڕامەوە و سواری تەکسییەك بووم، بیئەوەی لێی پرسم یەکسەر باسی زاڵگەکانی کردو زۆر گلەییو گازندەی لێکردن کە وەك پێویست کارناکەن کاتێك لە شۆفێرەکەم پرسی ناوت چییە؟ وتی ناوم (سامان) ە.

## چی پێویستە بکرێت؟

لەکۆی تێبینی و سەرنج و بۆچوونی ئەو هاوڵاتیانەی لەبارەی بازگەکان ڕام وەرگرتن چەند خاڵێك لەلام گەڵاڵە بوو کە بۆ چاکتر کردنی کاروباری زاڵگەکان زۆر گرنگە، کە دەتوانم بەم شێوەیەی لای خوارەوە کورتی بکەمەوە:-

-دانانی کەسان و کارمەندی پسپۆڕ و گونجاو بۆ زاڵگەکان کە هیچ نەبی دەرچووی ئامادەیی یان پەیمانگا بێت ئەمەش بە موچەیەکی گونجاو.

-دابینکردنی تەقەنیات و ئامێری هاوچەرخ بۆ ڕاپی کردنی کاری زاڵگەکان، بۆنمونە جۆرە کۆمپیوتەرێك هەبی کە ئاشکرای ناسنامەو بەڵگەنامەی ساختە بکات.

-دامەزراندنی کەسانی وەرگێری زمانە بیانییەکان بەلای کەمەوە وەرگێری عەرەبیو فارسیو تورکیو ئینگلیزی بێت لەزاڵگەکاندا بوونیان هەبێت.

-کردنەوەی خول و کۆرسی فێرکاریی تیۆریی و پراکتیکی بۆ کارمەندان و پۆلیسی بازگەکان، ئەمەش بۆ بەرزکردنەوی ئاستی هۆشیاریی کارەکانیان خۆ ئەگەر لەدەرەوەی وڵاتیش بی چاکترە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

-فراوانکردن و پەرەپێدانی ڕووبەری زاڵگەکان بۆئەوەی قەڵەباڵغی دروست نەبی و لەگەڵیدا دابینکردنی شوێنی گونجاو بۆ پشوودانی کارمەرندان.

-دابینکردنی موچەیەکی گونجاو و بەرز بۆ پۆلیس و کارمەندانی ئاسایشی زاڵگەکان کە لایەق بێت بەکارو ماندووبوونیان.

لەکۆتاییدا

مادام زاڵگەکان لەم قۆناغەشدا گرنگی و بایەخی خۆیان لەدەست نەداوەو بەڵکو زامنکاری ئاسایش و سەقامگیریی ژیانی هاوڵاتیانن، پێویست دەکات وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ڕاستەوخۆ زاڵگەکان پێوەی گرێدراون بیرێکی جدی لە زاڵگەکان بکاتەوە تا بتوانن بەرۆڵی سروشتیو ئاسایی خۆیان هەستن و ئەو ئەرکەی لەسەر شانیانە وەك خۆی جێبەجی بکەن ئەمەش خواستێکی سەرجەم خەڵکە کە خوازیارن لە ژیانێکی ئارام و دوور لە هەڕەشەی تیرۆر و پشێویی بژین.

Shamzini79@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.